سودانی ڕێتیدێکاتۆ راگرتنی ناردنی موچەی بە هەرێمی کوردستان سیاسی بێت



محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕەتیکردەوە، ڕاگرتنی ناردنی موچەی بە هەرێمی کوردستان سیاسی بێت و ڕاشیگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبوو یاسای بودجە و بڕیاری دادگای فیدڕاڵی، تاوەکو پابەندیش نەبێت، وەزارەتی دارایی فیدڕاڵ ناتوانێت بودجەی ڕەوانە بکات.

محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) سەبارەت بەموچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕایگەیاند، "تەمەتۆك بەبێ هیچ بنەمایەك یان پاساوێکی یاسایی و دەستوریە بوترێت بەغدا هەوڵی بڕسیکردنی خەڵکی کوردستان دەدات، چونکە ئەوان بەشێکن لە میللەتەکەمان، ئەم حکومەتە بە تایبەتی پابەند بوە بە جێبەجێکردنی ئەرکەی ئەخلاقی و دەستوریەکانی خۆی، هەروەها چارەسەرمان بێ لەگەڵ وتنەی سیاسیەکە دابینکرد کە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەخۆگرتبو، بەڵام ئەمە باس لە یاسای بودجە و بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی دەکەین و ئەمانەش زەمینەی یاسایی پابەندکەرن کە سەرۆك وەزیران ناتوانێت تێیانپەڕێنێت".

وتیشی، "لەدوای پەسندکردنی یاسای بودجە و دواتر هەموارکردنەوەی یاسای بودجە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە بە ئادەستکردنی سەرجەم نەوتی بەرهەمهێنراو لە ناوخۆی هەرێم، وەك لە یاساکەدا هاتوە و دادگای فیدراڵیش پشتڕاستیکردوەتەوە، هەروەها حکومەتی هەرێم پابەند نەبووە بە ئادەستکردنی داهاتە نا نەوتییەکان بە خەزێنەی گشتی، ئەمەش پێشێلکردنی یاسا و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییە، بڕیە وەزارەتی دارایی ناتوانێت هیچ بودجەیەك دابین بکات بەبێ پابەندبونی حکومەتی هەرێم".

ئاشکراشیکردوە، "لە ئەنجامی بەدواداچونمان بۆ چارەسەرەکان بەو درێژایی ماوەی ڕابردو، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە پارە لە دەرەوەی پشکی تەرخانکراو بەپێی یاسای بودجە خەرج بکەین، بەهۆی دەرچونی یاسای دادگای فیدراڵی، هەروەها جیاوازی لە لێکدانەوەکان لەو نێوان پابەندبون بە پێدانی موچە و پابەندبون بە پشکی تەرخانکراو لە یاسای بودجەدا هەیە، بە بەراورد بە خەرجکردنی ڕاستەقینەی بودجەی گشتی، ئەمانەش بابەتی یاسایی تەکنیکی ڕونن نەك بڕیارێکی سیاسی"

سودانی دەشڵێت، "هەرێم قەوارەیەکی دەستوریيە کە دەوڵەتی عێراق بە هەمو پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکانیەوە ڕێزی لێدەگیرێت، ئێمە حەزمان لە سەقامگیری هەرێمە، ئەمەش بەگەی ئەوەیە کە ئێمە هاوکار و پاڵپشتی و بەشداریمان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کرد، کە نزیکەی هەشت بۆ نۆ مانگ لەمەوبەر بەڕێوەچو، بەداخەوە تا ئێستا هۆزە سیاسییەکانی هەرێم نەیانتوانیوە حکومەت پێکبهێنن، حکومەتی فیدراڵی زۆر خواستی بو پشتگیری لە کەمپینی هەڵبژاردنەکان بکات و بودجەیەك تەرخان بکات، من بە شەخسی دوای هەڵبژاردن، گەشتکم کرد بۆ سەردانی هەمو هۆزە سیاسییەکانی هەرێم، داوام لێکردن حکومەتکی نوێ بۆ هەرێم پێکبهێنن، هەروەها پەرلەمان دەسەڵات و ئەرکەکانی لە چوارچێوەی دەستوردا جێبەجێبکات".

ئەوەشی ئاشکراکردوە، "لە دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران لە سێشەممەی ڕابردودا، بەو وردی باس لەبابەتی موچەی کرا، هەروەها ئەو وەرەقەی کە لەلایەن وەزارەتە فیدراڵییەکانەوە پێشکەش کرا و ئەو وەرەقەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش کرابو، خرانەڕو، لیژنەیەکمان پێکهێنا بە سەرکایەتی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری پلاندانان، پێنج وەزیریش وەك ئەندام، بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەیەك بەو کەدەنگی لەو نێوان ئەو دو وەرەقەدا بدەزنەوە بە شێوەیەك کە لەگەڵ دەستور و یاسا و بڕیاری دادگای فیدراڵیدا بگونجێت، پاشان ڕاسپاردەکانیان دەخستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردن دوای ئەوەی دڵنیابون لەوەی کە پابەندبونکی فەرمی لەلایەن حکومەتی

هەرەمەوە بە ناوەندکی ئەم توژینەوەیە هەیە".

لەبارەی پەیوەندیەکانی لەگەل مەسعود بارزانی، سودانی رایگەیاندوە، "سەرك مەسعود بارزانی کەسایەتییەکی نیشتیمانی بەنرخە، ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینمان هەیە بۆی، ئێمە لە ماوەی ڕابردودا پەیوەندییەکی باشمان دروستکردوە، باوەڕمان بە هاوبەشیکردن لەگەیدا هەیە لە بەڕێوەبردنی دۆخی سیاسیدا، وەك ئاماژەم پێدا، جیاوازی یان لێکچون لە هەڵوێستی ئەم دواییە یاسایی و تەکنیکییە نەك سیاسی، ئەو زۆر باش دەزانێت کە ئێمە حەزمان لە بەرژەوەندی گەلەکەمانە، جا لە هەرێمی کوردستان بێت یان باقی پارچەکان، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە دەسەڵاتی هەمان نییە دەستور و یاسا تێپەڕنین، ئێمە پارەی گشتیمان بۆ هەموو عێراقییەکان پێ سپێردراوە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بە بێ هیچ جیاوازی و ئیستسنایەك، دادپەروەری و یەکسانی بەدی بهێنین".